# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە | ژمارە ١٩ | چوار شەممە ١٣٨٢/٥/١ | July , 23th , 2003


# فتوای جیهاد و وەحشیگەری دژی گەلی کورد



بە دەرچوونی دەستوری (( جیهادی پیرۆز )) لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨( ١٩٧٩ی زائینی ) لە لایەن خومەینی جنایەتکار ، ئەرتشی سەرکوتگەر هێرشی بەربلاوی خۆی بۆ سەر کوردستان و دەسکەوتە دیموکراتیکەکانی گەلی کورد دەستی پێ کرد . نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ کاتێك ڕادیوی کۆنەپەرستی لە نێوان پروپاگەندی شێتانە و شۆڤینیستی (( جهیادی پیرۆزی )) خومەینی دژی زەحمەتکێشانی گەلی کورد تێکەڵ بە ترس و وەحشیگەری ڕادەگەیاند ، گەورەیی بزووتنەوەی گەلی کورد و ڕاستی و دروستی خەباتێك نیشان دەدا کە ملیونەها کرێکار و زەحمەتکێش لە ڕیزێکی پۆلائین ، هەڵسووراوانی داهێنەری ئەوە بوون . بزووتنەوەیێك کە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی دژی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی دەهاژێنێ و جەرەسی مەرگ و لە ناو چوونی ئەو لێدەدا . لەم ڕۆژەدا دواکەوتوویی دەسپاوی لاواز و پاشگەز لە پەرەساندنی خەباتی کۆمەڵایەتی خەڵك ، وەك هەموو پێشینیانی زاڵمی خۆی ، پیلانەکانی کۆن ومێژوویی خۆی ، کە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕێبەندانی ١٣٥٧( ١٩٧٨ی زائینی ) کۆن بوونی ئەوی سەلماندە بوو و لە خاك دا ناشتە بووی ، لە ژێر خاك دەر هێنا و بە دروشمی ڕزگاری مەزهەب و دین و نیشتمان ، دڵتەزین ترین شێوەکانی وەحشیگەری و دواکەوتوویی ی نیشانی خەڵك دا . کرێکاران و زەحمەتکێشان دیسان کەوتنە بەر هێرشی ژاراوی بورژوازی ، نیشتمان فرۆش و دوژمنی یەك پارچەیی خاك و وڵات ناسران و ئەرتش ئەرکی سەقامگیری ئەمن و ئاسایش بۆ سەرمایەداری و یەکگرتن و یەك بوونی کۆمەڵگای بورژوازی کە جگە لە ڕێگای سەرکوت وکوشتاری بەردەوام بە ئەنجام نەدەگەیشت ، بە ئەستووە گرت . هێرش بۆ سەر کوردستان لە هەل ومەرجێك دەستی پێ

پاشماوە لە لاپەڕەی ٢

## ٥٠ هەمین ساڵی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و کاریگەریی لە سەر پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا

بۆ ئەوەی باشتر هۆکارەکانی کودیتای سەربازی ئەمریکایی _ بریتانیایی ساڵی ١٣٣٢ دژی دەوڵەتی میللی ئێران کە نوێنەری بورژوازی میللی ئێران بوو و خوازیاری پێك هێنانی هندێك ئاڵ و گۆڕ لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و دابەش کردن لە پێکهاتی ئابووری _ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێرانی ئەو کات بوو ، بدۆزینەوە ، دەبێ پرۆسەی دامەزرانی سیستەمی سەرمایەداری لە ئێران و گەشە کردنی و هەروا چۆنیەتی ئەم گەشە کردنە بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە . بۆیە لەبەر ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە زنجیرەێك لە ڕووداوەکانی مێژوویی وەبەر دەگرێ کە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢یش وەك یەکێك لە ئامرازەکانی مادی پەرەسەندنی شێوەیێك لە شێوەکانی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە ، و کاریگەری خۆی لە سەر ڕووداوەکانی پاش خۆی بە جێ هێشتووە ، پێویستە تاکو ئێمە پاش باس کردن لە سەر پرۆسەی گەشە

پاشماوە لە لاپەڕەی ٨

ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی ( بەشی پێنجەم )

لاپەڕەی ٤ ، ٥




لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە

لاپەڕەی ٦

ووشەی سیاسی

لاپەڕەی ١٠

**کار ، خانوو ، ئازادی – کۆماری فیدراتیوی شووراییی !**

کرد که کۆمەڵانی زەحمەتکێشی گەلی کورد به هۆی هەل و مەرجی دیموکراتیکێك که ئاکامی ڕاپەرینی ١٣٥٧ بوو ، هەر ڕۆژ به ئێرادەتر ، بۆ وەدی هێنانی داخوازیه ڕەواکانیان ، پەرە به خەباتی خۆیان دەدا . ئەوان له ئاستێکی بەربڵاو هاته بوونه ناو گۆڕەپانی سیاسەت و تێکۆشان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی ڕێبەندانی ١٣٥٧ . خەڵکێکی ستەم لێکراو که تۆماری یەکێك له فاشیستی ترین ڕێژیمەکانی سیاسی هاوچەرخ هەڵپێچا بوون ، چۆڵ کردنی گۆڕەپانی خەبات وەل کەچ بوون له بەرانبەر ڕێژیمێکی دیکه وەك ڕێژیمی شا بۆیان قەد قبووڵ نەدەکرا .ئەم هەڵویسته به باشی خۆی له نارەزایەتی هەر ڕۆژەی کرێکاران ، زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێر دژی ڕێژیمی تازه به دەسەڵات گەیشتوو نیشان دەدا . کارخانه و کارگه و مەزرا ، زانکۆ و قووتابخانه ، شار و دێ هەموویان دیمەنەکانی پڕ له جوش و خرۆشی ئەم نارەزایەتیانه بوون که ڕۆژ به ڕۆژ پەرەی دەگرت . ئامرازەکانی ئەم نارەزایەتیه شووراکان ، بنکەکان و سەنتەرەکانی دیموکراتیکێك بوون که کرێکاران و زەحمەتکێشان به چالاکی لەواندا ، هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی کەش و هەوای دیموکراتیك ، زەوت کردنی زەویەکانی دەرەبەگەکان ، بەڕێوەبەری وکونتڕۆڵی شار و لادێکان ڕێك دەخستن . هەر جێگایێك که خەڵك بەڕێوەبەرایەتی و جێ به جێ کردنی کارەکان به دەستەوەیان بوایه دواکەوتوویی زەبرێکی کۆشندەی لێ دەکەوت و بۆیه ، دواکەوتوویی له مەترسی به هێز بوونی کۆمەڵانی خەڵك و بۆ سەرکوتی ئەم خەباته بەربڵاوه ، دەستی دایه نوژەن کردنی ئورگانەکانی سەربازی وەك زەرورترین کار بۆ پاراستنی بوونی لاوازی خۆی و له ژێر زەختی شەپۆلەکانی شۆڕش به خێرایی هەموو پەردەکانی درۆ و فریوکاری خۆی هەڵدایەوه و به ڕاگەیاندنی هێرشی سەربازی و قەتل وعامی زەحمەتکێشان ، سیستەمی زەبر لێ کەوتوو و لاوازی دام و دەزگای بوروکراتیك ، نیزامی خۆی بەرەو ڕێکخستن و نوژەن کردن برد . دەسەڵاتی دژی شۆڕش مەجبوور بوو له بەرانبەر ڕیزەکانی شۆڕش خۆی و هێزی خۆی کۆ بکاتەوه و ڕێکی بخات . بۆیه له دووهەمین مانگی پاش سەرکەوتنی ڕاپەرین ، شۆڕش یەکەم جار له سنه و پاشان له تورکمەن سەحرا بووه ئامانجی هێرشی حاکیمانی تازه به دەسەڵات گەیشتوو . له جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ( ١٩٧٩ی زائینی ) بزووتنەوەی خەڵکی عەرەب له هەل و مەرجی نەبوونی ڕێبەرایەتێکی ڕێك خراو و شۆڕشگێر ، له لایەن بەکرێگیراوانی دواکەوتوویی به شێوەیکی وەحشیانه و له ناو خوێنی کرێکاران و زەحمه تکێشانی عەرەب دا خنکا . دژی شۆڕش سەرخۆش و هار لەم سەرکەوتنه کاتیه کەوته تەمای سەرکوت کردنی یەکجاری بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵك له کوردستان . بەڵام هەل و مەرجی تایبەتی کوردستان ، مێژووی دوور و درێژی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك لەم ناوچەیه ، ئاستی بزووتنەوه ، بەربڵاوی و ڕادەی ڕێکخستنی زەحمەتکێشانی بەشدار لەم بزووتنەوەیه ، ئەو هۆکارانه بوون که بەر به هێرشی بەربڵاوی دواکەوتوویی له گەیشتن به ئامانجەکانی گرت . به دەرچوونی فتوای (( جیهاد )) له لایەن خومەینی ، ئەرتش واته دەزگای سەرکوت و به زەنجیر کێشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان له کۆمەڵگای سەرمایەداری ، که له مەودای ڕاپەرین تێك و پێك درابوو ، گیانێکی تازەی گرت و به پاڵ دان به خوڕافەکانی مەزهەبی کۆمەڵانی خەڵك ، سەرەڕای بوونی نارەزایەتی بەربڵاو له نێوان سەربازەکان و پورسێنێلی شۆڕشگێر ، سنه و کرماشان و شوێنەکانی تری پاوەی دایه بەر هێرش . له هەمان ڕۆژدا ئەرتشیەکانی جێگیر له پێگەی سەربازی سنه به هاتووچوو له ناو شاری سنه دەستیان دایه نیشاندانی هێز و توانای خۆیان به مەبەستی خوڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن . ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژ کاروانێکی سەربازی بریتی له تانك و تۆپ و جۆرەکانی‌تری چەکی قورس بەرەو شاری سەقز به ڕێ کەوت و ڕێگای خۆی به تێك شکاندنی بەرگری حەماسی کۆمەڵانی خەڵك که به چەکی سووك و تەنانەت کۆن هاتبوونه شەڕی تانکەکان و چەکه پێشکەوتووەکانی ئەوان ، کردەوه . هاوکات شاری سەقز له لایەن فرۆکه شەڕ کەرەکانی جۆری فانتۆم و تۆپی قورس بومباران کرا . ئەرتش پاش سێ ڕۆژ به تێك شکاندنی بەرگری قارمانانەی کۆمەڵانی خەڵك شاری سەقزی داگیر کرد . پاش داگیرکردنی شارەکانی پاوه ، سنه و سەقز له لایەن ئەرتش و سوپای پاسداران ، سەرکردەکانی ڕێژیم که به تەمای سەرکوتی یەکجاری بزووتنەوەی مەزنی گشتی بوون ، بۆ قایم کردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی دژی شۆڕشی خۆیان ، دەستیان دایه ئیعدام و تیروری شۆڕشگێران و زەحمەتکێشان له ئاستێکی بەربڵاو . بۆ جێ به جێ کردنی ئەم مەبەسته خەڵخاڵی ناشیرین ترین کەسی تیرور و ڕەشەکوژی هاته کوردستان و سنوورەکانی تازەی له خوێن مژی و جنایەت تێپەر کرد . دادگاکانی سەحرایی خەڵخاڵی ، که ئێستا له بەرەی ریفورم خوازان ئیدیعای ئازادیخوازی ئەو و هاوکارانی گوێ‌ی خەڵکی کەڕکردووه ، نموونەیێك لەو شته بوو که له دوایی دا له هەموو جێگای ئێران ، جێ به جێ دەکرا . له دوو ڕۆژی یەکەمی به ڕێ خستنی دادگاکانی به شێوەی سەدەی ناوەڕاستی خەڵخالی ، زۆرتر له ٤٠ کەس له شۆڕشگێرانی گیان فیدای وڵاتەکەمان درانه بەر دەستەکانی ئیعدام . له نێوان ئەم خەباتگێرانه دەتوانین له هاوڕێیانی شەهیدی فیدایی ، یوسف کەش زاده ، جەمیل یەخچاڵی ، ئەحسەن ناهید ، شەهریار ناهید ، هورموز گورجی بەیانی و دوکتور ڕەشوەند سەرداری ناو ببەین که تاکو فیداکردنی گیانیان سوور بوون له سەر ڕاستی و دروستی ڕەوا بوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد و له بەر خاتری دیفاع کردن له ئارمانجەکانی شۆڕشگێرانەی ئەم بزووتنەوەیه گوللە باران کران . خەڵخاڵی و دەزگای بڕیار دەری کۆماری ئیسلامی ، بێ شەرمی خۆیان تا ئەو ڕادەیه گەیاندن که ئەحسەن ناهیەیان له کاتێك که لاقی بریندار بوو له سەر برانکارد گوللە باران کرد . ڕێژیم ماسك له ڕووخساری فریو و درۆ و دەڵەسەی خۆی وەلا نا و بێ بەزەئیانه خەریکی قەتل و عام بوو . و نموونەی ئاشکرای ئەم وەحشیگەریه له شاری سەقز ئەنجام درا . کۆماری ئیسلامی له ترسی یەکگرتوویی بزووتنەوەی سەرانسەری کۆمەڵانی خەڵك له گەڵ خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ، هاوکات له گەڵ هێرش بۆ سەر کوردستان ، هێرشێکی بەربڵاوی هێنایه سەر دەسکەوتەکانی دیموکراتیکی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ له سەرانسەری ئێران . دژی شۆڕشی دەسەڵاتدار به تەمای به ئەنجام گەیاندنی ٢٨ی

گەلاوێژیکیتر بوو لەو جۆرەی کە ساڵی ١٣٣٢ ( ١٩٥٣ی زائینی ) لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ڕژیمی شا ئەنجام درا بوو بە مەبەستی کوشتار و لە ناو بردنی ڕێکخراوەکانی شۆرشگێر و بنیاتەکانی دیمراتیکی خەڵکی . بەڵام ئەگەر سەرکردەکانی کودیتای سەربازی ١٣٣٢ لە هەل و مەرجی نەبوونی ڕێبەرایەتیکی شۆرشگێر وکۆمەڵانی خەڵکی ڕێك خراو ، توانی بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان سەرکوت بکات و دیکتاتۆری ٢٥ ساڵەی خۆی دامەزرێنی ، کۆماری ئیسلامی لە یەکەم هێرشی بەربڵاوی خۆی لە گەڵ بەرگری و خۆراگری حەماسی و سەرسەختانەی کۆمەڵانی خەڵك و هێزە شۆرشگێر و خەباتگێرەکان ڕووبەڕوو بوو . سەنتەری بە تین و چەکدارانەی ئەم بەرگریە حەماسیە کوردستان بوو . ڕژیم هاوکات لە گەڵ هێرش بۆ سەر کوردستان ، دەستی دایە هێرش بۆ سەر بارەگای هێزەکانی شۆرشگێر و لە یەکەم هنگاودا هێرش بۆ سەر بارەگای ناوەندی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران و هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەی شۆرشگێری داخست . زۆرتر لە ٣٠ ڕۆژنامە کە تا ئەو کاتە بە شێوەیکی ئاشکرا هەواڵەکانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك لە ئاستێکی بەربڵاو بڵاو دەکردنەوە و لەو نێوانەدا گۆڤارەکانی ڕێکخراوەکانی شۆرشگێر و پێشکەوتوو قەدەغە کران و ئەو ڕادە کەمە ڕۆژنامەیێك کە بڵاو بوونەوە ، سانسور دەکران . سەرکردەکانی دواکەتوویی تێ دەکۆشان خۆڕاگری قارەمانانەی گەلی کورد لە نێوان پیلانگێڕیکی لە بێ دەنگی سەرکوت بکەن ، بەڵام شۆرش فرولتر لەوەی بوو کە دواکەوتووان بیری لێ دەکردن . گۆڤاری (( کار )) کە لە سەرەوەی لیستەی گۆڤارەکانی (( بە زەرەر )) بوو لە تیراژیکی بەربڵاو و بە شێوەی نهێنی چاپ دەکرا و جنایەتەکانی پاسدارەکان و بەکرێگیراوانی ڕژێم لە کوردستان بڵاو دەکردەوە و ڕووخساری ڕاستەقینەی دواکەوتوویی بۆ خەڵك ئاشکرا دەکرد . ئەدەبیاتی ژێر زەمینی و چالاکی نیوە نهێنی لە دەورەیکی کورت جێ نشینی چالاکی ئاشکرا و بەربڵاوی سیاسی کرا و کۆمەڵانی خەڵك بە گۆرینی شێوازەکانی خەباتی خۆیان ، لە ئاستێکی بەربڵاو دژی شەپۆلی سەرکوت ڕاوەستان . هاوسەنگی هێزەکانی چینایەتی لە کۆمەڵگا و پوتانسیەڵی گەورەی بزووتنەوەی خەڵکی ڕێگرێك لە بەرانبەر ڕژێم بوو تاکو بتوانێ بەم جۆرە هێرشانە خەفەخان و ترس و تۆقاندن بە سەر کۆمەڵگا داسەپێنێ و دەسکەوتەکانی دیموکراتیکی شۆرش بە شێوەیکی ئاسان بە تاڵان ببات . چالاکیەکانی سیاسی لە سێبەری هێز و توانای بزووتنەوەی خەڵکی بەرە بەرە شێوازی ئاشکرای خۆی وە دەست هێنا . شکستی هێزەکانی سەربازی ڕژیم لە کوردستان بە ڕادەیکی گەورە بوو کە خومەینی لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەر بە شێوەیکی ئاشکرا ئیعترافی پێ کرد و فریوکارانە قسە لە مافەکانی مێژوویی و عادڵانەی گەلی کورد دەکرد تاکو بەم شێوەیە ئیمکانات و هێزەکانی ڕژیمی خۆی بۆ دەورەیکیتر لە هێرش ڕێك بخات . ئەمرۆکە پاش تێ پەر بوونی ٢٤ ساڵ بە سەر ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی ( ١٩٧٩ی زائینی ) و بە دوای هێرشەکانی یەك لە دوای یەك لە هەموو کات تاڵان وکوشتار ، و کاول کردن و ماڵ وێرانی بۆ کۆمەڵانی خەڵك بە دوا دا بووە ڕژێم سەرەرای هەموو پیلانێکی گڵاوی خۆی بە مەبەستی بە لارێ بردنی خەباتی گەلی کورد نەیتوانیوە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد بۆ هەتا هەتایە سەرکوت بکات و کوردستان وەك هەمیشە سەرنگەی سووری خەباتی کۆمەڵانی چەوساوە و ستەم لێکراوێکە کە بۆ وەدی هێنانی داخوازیە ڕەواکانیان بەرەو بە بەرەو ، چیا بە چیا و کارگە و کارخانە و شار و دێکی کوردستانیان بۆ ڕژیمی کۆنەپەرست و داوکەوتووی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی لە ژێر هەر ناوێك کە خۆیان هەشار دابنەوە ، کردوونە گۆرەپانی خەبات و خۆڕاگری قارەمانانە ، تاکو دەسەڵاتی ڕەش سەرکوت و ئەشکنجە و ئیعدام و بەکرێگیراوانی بزانن لەوانەیە بە زەخت و فشاری تۆپ و تانك و هێزی سەربازی بتوانن بە سەر ناوچەکان زاڵ بن و داگیری بکەن بەڵام قەد ناتوانن ئیرادە و توانا و ویستی خەڵکێك بە مێژینەی دوور و درێژی خەبات و خۆڕاگری تێك بشکێنن . گەلی کورد لە مەودای ٢٤ ساڵ خەباتی سەرسەختانە و لە شەڕ دژی یەکێك لە هارترین ڕژیمەکانی سیاسی مێژووی هاوچەرخ ئاوەها ئەزموونێکی پەر لە بایەخی وە دەست هێناوە و خاوەن ئاوەها تێ گەیشتن و نەریتێکی خەباتە کە هیچ هۆکارێك ، تەنانەت بوونی هێزەکانی داگیرکەر و زەخت و فشاری ئەوان بە سەر ئەم خەڵکە ناتوانێ ئیرادەی ئەوان بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان سست و لاواز بکات .



## پاشماوەی کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژ و . . .

لەوی گرینگ تر ئەوەی کە ئەو حیزبە بە مەبەستی وەلامدانەوەی پێویستی بەرەکانی دژی فاشیستی و کاریگەری سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بۆ ئەو مەبەستە دامەزرا و پروگرامی ئەو لەسەرەتای دامەزراندنی لە پروگرامی یەکەمین گروپەکانی سوسیال دیموکراتیش دواکەوتووتر بوو . لەم قۆناخەدا حیزبی توودە بووە گەورەترین حیزبی سیاسی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست . بەڵام بەر چاو بوونی ئایدیۆلۆژی تێکەڵاو ، بە کار هێنانی شێوازی مەتافیزیکی لە هەموو زەمینەیێك و ڕەنگدانەوەی ئەو لە پروگرا م و تاکتیکەکان ، بووە هۆی ئەوەی کە ڕێبەرایەتی حیزب لە بەرامبەر ڕووداو و ڕەوتەکانی ڕۆژانە بێ دەسەڵات بکرێ و بە دوایان دا بچێت . کودیتای ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢، دامەزرانی سەر لە نوێی پێك هاتی ناوەندگرای پاوانخوازی دەوڵەتی کە هاوکات بوو لە گەڵ سەرکوتی خوێناوی بزاڤی کرێکاری و پێشکەوتن خواز ، بوونە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دەورەیکی درێژ خایەن تووشی ڕاوەستان بێت . سەرەرای ئەو زۆر بوونی بە لارێ چوونەکان و سەقامگیری بوروکراسی لە یەکیەتی سۆڤیەت ، کاریگەری خراپی خۆی بە سەر بزاڤی کرێکاری ئێران بە جێ هێشت و ڕەوڵێکی گەورەی بینی لە شکستی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و کرێکاری لەم قۆناخەدا و هەروەها خۆڵقاندنی دەورەیێك لە ڕاوەستان و پچرانی بیست ساڵە . تاکو کۆتایی دەیەی ٤٠ لە سەر زەمینەی ڕیفورمەکانی زەوی و زاڵ بوونی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری ، سەرەرای بوونی دیکتاتۆری ، بزووتنەوەی کرێکاری درێژەی بە خەباتی خۆی دا و هەندێك جاریش دەسکەوتی هەبوو .

# ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی

( بەشی پێنجەم )

## خەباتی ئایدولۆژیکی چالاك و بەردەوام ، شێوەی ڕەخنە گرتنی کۆمۆنیستی !

شێوەی ڕەخنەگرتنی کۆمۆنیستی یەکێك لە گرینگترین هۆیەکانی پێك هێنانی ئیرادەیێکی یەك دەست لە ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا و هۆکاری سەرەکی و ئەسڵی پایەداری و پتەو بوونی ئەوە . ئەوەی کە بەردەوامی کار و چالاکی و مانەوەی شۆرشگێرانەی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی تەزمین دەکات ، دامەزراندنی تەشکیلاتێك پێك هاتوو لە شۆرشگێرانی بە ئەزموون و تەواو کات لە خزمەتی ڕێکخراو و لێهاتوو و شێواز و شێوە و پروگرامێکە کە ڕێگای سەرکەوتنی شۆرشی پرولیتری نیشانی چینی کرێکار بدات و لە خەبات بۆ رووخاندنی بورژوازی و دامەزراندنی سیستەمی سوسیالیستی ڕێنوێنیی بکات . ئەم راستیە کە ئاوا پروگرامێك بەرهەمی بەرزترین دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی و سەرچاوەی کانگای پڕ لە بایەخی خەباتی دوور و درێژی پرولیتاریای ئێران دەبێ بێت ، لێرەدا باسمان لە سەری نی یە . چونکە ڕێکخراوی ئێمە بە دارشتنی پروگرامی سەرکەوتنی پرولیتاریای ئێران ، مەزنترین دەسکەوتی دەورانی ژیانی نوێ ی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە بەر ڕێگای بزووتنەوەی چینی کرێکاری ئێران داناوە و خەباتی ئایدولۆژیکی پەیڕەوی ئەو بە شێوەیکی جیددی و بە هێز لە دەستوری کار و چالاکی کۆمۆنیستەکانی ئێران داناوە ، پروگرامێك کە ئامانجی خۆی لە دەست گرتنی دەسەلاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکار ، زەوت کردنی خاوەن ملکایەتی لە سەرمایەداران و خاوەن زەویەکان و دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی دیاری کردووە . ئەم کارە ئەمرۆکە ئەنجام دراوە و ڕێکخراوی ئێمە بە هەڵگرتنی یەکەم هەنگاوی بە کردەوەی خۆی ، جووڵانێکی تازەی داوەتە سەنتەری گۆرانکاری و پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران . بەڵام ئەمە بە تەنیایی بەس نی یە . ئێمە دەبێ لە هەمان حاڵدا بەردەوام و سوور ، هێلەکانی پروگرام بیکەین بە ئەساسی چالاکی راگەیاندن و پەرەپێدانی خۆمان و ئەساس و بناغەی ڕێکخستنی چینی کرێکاری ئێران . ئێمە دەبێ حیزبی سیاسی پرولیتاریا واتە حیزبی کۆمۆنیست دامەزرێنین . بۆیە سەرەرای بوونی پروگرام ، پیویستیمان هەیە بە کادێرەکان و تەشکیلاتێك کە وەك هێزی بە توانا ، بە ئیرادەی پتەو ، پڕ لە هەست و بە ئیمان بە ئارمانجی پرولیتاریا و ئامانجەکانی پروگرامی خۆی ، ئەم رێگایە خۆشتر بکات . باسی ئێمە لێرەدا ئەمەیە کە چۆن دەبێ لە سەر ئەساسی ئاوا ئۆسوڵ و پروگرامێك ، تەشکیلاتی پۆڵائینی پرولیتاریای ئێران دامەزرێنن . چۆن دەبێ شێوە و شێواز و پروگرامی ڕێکخراو راست و رێك و تەواو بکەین و لە چ رێگایێك ئەوە بکەین بە ئیرادەیێکی یەك دەست و یەکیەتی پایەدار و بەردەوام لە ناوخۆی تەشکیلات پێك بهێنین ؟ بە دڵنیایەوە هاوڕیانی ئێمە یەکەم وەڵامیان بریتیە لەوەی کە ، ئەم کارە گرینگە بخەنە ئەستووی ئورگانیکی ڕێبەرایەتی . ئەم قسەیە بە تەواوی راست و دروست و بە جێیە ، بەڵام هەروا کە لە پێش دا شیمان کردەوە ، دامەزراندنی ئاوا ئورگانێکی ڕێبەرایەتی ، پێویستیی هەیە بە بوونی ئەو هەل و مەرجانەی کە جووڵانەوەی گەشە ئەستێنەر و پەرەپێدەری ئەو تەزمین بکات . ڕێکراوی ئێمە لە مەودای چواردە ساڵ ژیانی خوێناوی خۆی و لە ڕەوتی هەوراز و نشێو و شکست و سەرکەوتنەکانی زۆر و بە دەس هێنانی ئەزموونەکانی پڕ لە بایەخ ، شایستەی ئەمە بووەکە ئەمرۆکە هێزی ڕێبەرایەتی و راهێنەری بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بێت . بەڵام بۆ بەردەوام بوونی جووڵانەوەی خاوەن ئامانجی خۆی ، هێشتا پێویستیی هەیە بە لابردنی زۆرتر لە کەم وکوریەکان . هێشتا زۆر کەم و کوری هەیە کە دەبێ بە کار و چالاکی بەردەوام و ماندوویی نەناس و هەست کردن بە بەرپرسایەتی بێ وێنەی هاوڕیانی کۆمۆنیستی ئێمە لە ناو ببردرێن . ئێمە ئەمرۆکە پێش لە هەموو شت و لە یەکەم قۆناخ دا پێویستمان هەیە بە هاوڕیانی کۆمۆنیستێك کە بە شێوەیکی چالاکانە و راستەقینە ئاوا پروگرامێك بەرەو پێش ببەن. ئێمە ئەمرۆکە پێویستمان هەیە بە تەشکیلاتێك پێکهاتوو لەو کادێرانەی کە بتوانن و توانای ئەوەیان هەبێ کە ناوەرۆکی سیاسی _ ئایدولۆژیکی پروگرامی ڕێکخراوی ئێمە لە نێوان کۆمەڵانی کرێکار و کەسانی کۆمۆنیست تەبلیغ و پەرەی پێ بدەن ، بەم تێ گەیشتنە قووڵ و بنەڕەتیە لە بناغەکانی تیئوریکی ئەم پروگرامە ، کرێکاران بە ئامانجەکان و ڕوانگەکانی خۆیان ئاشنا بکەن ، و ئەوان لە چالاکیەکانی خەباتگێرانەیان رابهێنن و ڕێبەریان بکەن . لە ڕێکخراوی ئێمە بە داخەوە هێشتا زۆر هاوڕێ بە دیدێکی گشتی ڕوانگەکانی ڕێکخراو قبووڵ دەکەن و لایەنەکانی گشتی و ئەساسی پروگرامی ڕێکخراو لە بەر چاو دەگرن . یان ئەو هاورێیانەی کە هیچ کات و لە هیچ شوێنێك ئەم ئەرکە وەك کارێکی جیددی لە بەر چاو ناگرن ، کە هەنگاوێکی زۆرتر هەڵگرن و ئەو بیر و بۆچوونانە کە لە تەواوەتی ، خۆیان پێ وەفادار دەزانن ، پەرەی پێ بدەن و بناغەکانی تیئوریکی هەڵویستەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیك و پروگرامی ڕێکخراو بە شێوەیکی قووڵ و بنەرەتی بناسن . زۆر هاورێانمان هەن کە هێشتا بە بیانووی چالاکی بە کردەوە ، زەحمەتی کار و چالاکی تیئوریك بە خۆیان نادەن و هیچ کات حازر نابن خۆیان بە چەکی تیئوریکی مارکسیزم . لینینیزم تەیار بکەن . ئەم تاقمە لە هاورێانە بە داخەوە بە هۆی بیر کردنەوەی گشتی و کۆنی پاشماوە لە دەورانی پێش تر و پاشماوەکانی پەروەردەکانی بە لارێ چووانەی حیزبی توودە تیئوری وەك کاری ڕێبەران و تیئوریسیەنەکان دەزانن ، و خۆیان بە قبووڵی سەردێری بابەتەکان و لە سنووری سەر فەسلەکان و قبووڵ کردنی دروشمەکان بەربەست کردووەتەوە . ئەم هاورێانە تا ئەو کاتەی کە لە گەڵ ئەم خاڵی لاوازیەی خۆیان بە شێوەیکی جیددی بەربەرەکانی نەکەن ، هەمیشە و هەموو کات دەکەونە بەر خەتەری بە لارێ چوونەکانی ناپرولیتری . بە تایبەت لە کاتەکانی قەیرانی تەشکیلاتی و یان لە لۆفەکانی تووندی خەباتی چینایەتی کە هەموو جۆرە بە لارێ چوونێك بە رەنگ و پۆشش بە ڕواڵەت مارکسیستی و بە ڕواڵەت پشت بەستوو بە ئۆسوڵی بنەرەتی تیئوریك هاتوونەتە گۆرەپان ، خەتەری ئەم بە لارێ چووانە لە هەر کاتێکیتر زۆرتر دەبێ . جگە لەوەی کە لاوازی تیئوریکی ئەم هاورێانە خۆ بە خۆ و بمانهەوێ نەمانەوێ خۆی

سەنتەری هەر جۆرە بە لاریٚ چوونێکە . شۆڕشگێری بە بێ بناغەکانی تیۆریك ، هیچ ئاکامێکی جگە لە بە لاریٚ چوون لە شێوازی پرولیتری نی‌یە ! رووی دیکەی ئەم بابەتە ، ئەو تاقمە لە هاوڕیانەن کە لەوانەیە هێندێك جار ڕایان لە گەڵ هەڵویست و شێوازی تەشکیلات نەبێت ، بەڵام بە جێگای ڕاگەیاندنی ئاشکرا و روونی بیر و بۆچوونەکانیان ، ناکۆکیەکانی خۆیان بشارنەوە ، و یان دایان پۆشن . لەهەل و مەرجێك کە تەشکیلاتی ئێمە بەرەو یەك دەستی هەر چی زۆرتری سیاسی _ ئایدولۆژیك پێش دەچێ و بۆ پێك هێنان و سەقامگیری یەکگرتنی تیۆری و خەباتگێرانە هەنگاو هەڵدەگریٚ ، خەتەرناکترین شت ، خۆ پاراستن و دوورگرتن لە باسەکانی ئایدولۆژیك _ سیاسی و شاردنەوەی ناکۆکیەکانی تیۆریە . بە داخەوە زۆر دەبینین کە بۆ نموونە هاوڕیانێك هەڵویستەکان و یان هندێك شێوازی پرۆگرامیان قبووڵ نی‌یە ، بەڵام بە هۆیەکانی جۆر بە جۆر کە گرینگترینی ئەوان بۆچوونەکانی لیبرالیستیە ، لە دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆیان بە شێوەیکی ئاشکرا خۆ دەپارێزن . و یان بە بیانووی نەبوونی توانایی تیۆریك لە هەڵسوکەوتی جیددی و بەرپرسانە خۆیان دوور دەکەن و لە بۆچوونەکانی خۆیان بە شێوەیکی تەواو و حەتمی پاشگەز دەبن ، بێ ئەوەی کە بابەتەکە بۆیان روون بێتەوە . هندێك جار هاوڕیانێك دەبینین کە لە هندێك بۆچوون ڕەخنە دەگرن ، هندێك جار پاشگەز دەبن و جارێکی‌تر پرسیاریان بۆ پێش دێت بێ ئەوەی کە هیچ کات دیاری بکەن کە ناکۆکیەکانیان چی‌یە ؟ و خۆیان چ جۆرە بۆچوونێکیان هەیە ؟ ! لایەنی هاوبەش ئەم دوو بۆچوونە لە هێلەکانی وەك یەك دەتوانین ببینین . هەر دوو بۆچوون خالّی دەس پێ کردنی خۆیان لە نەبوونی توانایی داناون . یەکەمی بە پاڵپشتی ، بە وەفاداری تەواو و بێ ئەم لاو ئەو لای خۆی بە شێواز و پرۆگرامی تەشکیلات ، خۆی لە زەحمەتی کار و چالاکی تیۆریك و ئایدولۆژیك ڕزگار دەکات ، کە ئەمە خۆی بە کردەوە دەبێتە هۆی نەبوونی توانایی زۆرتر لە کار و چالاکی تیۆریك و دووهەمی کە هەر ئەم پرۆسەیە بە هەمان شێوەیە بە سەر کردووە ، بێ توانایی تیۆریك لە سەنگەری دفاع لە سستی و پتەو نەبوونی ئایدولۆژیکی خۆی دروست دەکات . هەر دووی ئەم بۆچوونە سەرەرای هەر جۆرە راستی و وەفاداری بە نیسبەت ئامەنجەکانی پرولیتاریا ، دەگاتە لیرالیزم و پەرە دەداتە بێ ئیمانی نیسبەت بە ئامانجەکانی ئیستراتژیکی پرولیتاریا . ئەم شێوە سستە لە رەخنە گرتن ، شێوەی ئەو کەسانەیە کە لە رەت کردنەوەی سیستەمی سەرمایەداری و دامەرزاندنی سیستەمی سوسیالیستی لە نێوەرۆك دا ، تەنیا رەت کردنی سەرمایە داری لە بەر چاو دەگرن . ئەمە بە تایبەتی نەك بۆچوونی کۆمۆنیستی ، بەڵکو بۆچوونێکی وردە بورژوائیە کە لە سیستەمی سەرمایە داری و زیان گەیاندنی ستەم کاری چینایەتی زۆر بێزارە . بەڵام لە ناخی دڵەوە بە سوسیالیزم بڕوایێکی ئەوتۆی نی‌یە . بۆچوونێکە کە ناتوانێ پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانە ، کۆن و ڕزیو و گەندەڵی سەرمایەداری تەحموولّ بکات ، بەڵام گۆمانی هەیە بە نیسبەت دیکتاتۆری پرولیتاریا ئەو کاتەی کە دەبێتە کارێکی جیددی ! بەر چاوترین جۆری سەرهەڵدانی ئەم بۆچوونانە ، پا بەن نەبوون بە دیسیپلینی پرولیتاریایی ، سستیەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیك و بە دوادا رۆیشتنی پەیوەندیەکانی کۆرانەی وردە بورژوائیە ، چۆنکە ڕا کردن لە دیسیپلین و بۆچوونەکانی کۆرانە و دژی سانترالیزم ، ڕەنگدانەوەی لیرالیزمە لە هێلەکانی تیۆری . لە بەر ئەوەی کە تێکەڵ بوونی سنوورەکانی ئایدولۆژیك _ سیاسی ، تیۆری جۆر بە جۆر و بیر کردنەوەی نادیار لە لایکەوە و بیری وشك و دوگماتیزم لە لایکی دیکەوە ، باشترین مەرکەزی پەرەسەندن و گەشەکردنی ئاوا بۆچوونانەیە . بێ سنووری سیاسی _ ئایەولۆژیك ، دڵخوازی ئەو بۆچوونانەیە کە سەربەخۆیی سیاسی و خەباتگێرانەی پرولیتاریا وەك شوێنی ئاسوودەیی بارودۆخ و وەزعی خۆیان دەزانن ! ئەمە شێوەی ئەو کەسانەیە کە تێکەڵ بیر دەکەنەوە و خۆیان دەدەنە دەستی قەزا و قەدەر و دوگمەکانی داستانی . هاوڕیانێك کە یان خۆیان دوو دەستی بە تایبەتمەندیەکانی کۆن گرتووتەوە و یان بە شتەکانی نادیاری داهاتوو ! بۆ ئەوان هیچ کات خالّی روون و کونکرتێك بۆ ئیستا بوونی نی‌یە تاکو جێگای راستەقینەی سیاسی _ ئایدولۆژیکی خۆیان بە نیسبەت ئەو دیاری بکەن . ئاوا کەسانێك یان لە بەر هەڵویستەکانی کۆن ڕاوەستاون و یان نیسبەت بە بابەتەکانی داهاتوو بێ هەڵویستن و لە بەرانبەری دا جادو کراون . لینین لەم بارەوە دەڵێ : (( پراگماتیزمی بەربەست وجیا لە روون کردنەوەی تیۆریکی بزووتنەوە ، بە شێوەیکی گشتی هەرەشەی بە لاریٚ چوون و هێلی هەڵە لە بزووتنەوە دەکات .ئێمە دەبێ وتە بێژی هەر چەشنە ڕا و بۆچوونی نەك کرێکارانی جیاواز ، بەڵکو چینێك بین کە لە رێگای پرۆگرامێکی هاوبەش و خەباتی هاوبەش لە ریزەکانی تەنیا یەك رێکخراو ، یەکیان گرتووتەوە )) .

تەنیا ئیمان و وەفاداری بە ئارمانجەکانی کۆمۆنیستی بەس نی‌یە . چۆنکە خۆدی کۆمۆنیزمیش چی‌تر فیکریەتێکی تەنیا و جیا نی‌یە ، کۆمۆنیزم چی‌تر (( شەبەح )) نی‌یە کە وەك شەبەح پێ بڕوانین ، کۆمۆنیزم و شێوازی کۆمۆنیستی لە هەل و مەرجێك کە بەشێکی گەورە لە پرولیتاریای جیهان ، بورژوازی لە تەختی دەسەلاّت هێناوەتە خوارەوە و بینای سوسیالیزمی لە زۆر وڵاتی گەورەی جیهان دامەزراندوە تەنیا بیرەکانی تایبەتین کە بە باشترین شێوە لە چوارچێوەی دیاری و شێواز و پرۆگرامی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا توانای بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەیان هەیە . بۆیە هاوڕیانی کۆمۆنیستی ئێمە دەبێ و حەتمی دەبێ ، یەکەم بە ئوسولی بنیاتی مارکسیزم _ لینینیزم بە شێوەیکی بەس و تەواو موسەیتەر بن و دووهەم چوارچێوەی تیۆری ڕێکخراو لە هێلەکانی کردەوە و سیاسی ئەو بە تەواوەتی بناسن . بە تەواوەتی ناوەرۆکی ئەو بدۆزنەوە و لە خەباتی بە کردەوەی پرولیتاریا چالاکانە و بێ وچان بە کاریان بهێنن . یەکەمی کاری فێر کردنی ئێمەیە ، دووهەمی کاری پەروەردە کردن . ئێمە دەبێ هەموو کاری فێر کردن لە ڕەوتی پراتیکی چالاکانە و شۆڕشگێرانە پەروەردە بکەین و ئامانجەکانی کۆمۆنیستی نەك لە هێلەکانی گشتی و جیاواز ، بەڵکو بە شێوەیکی ئەساسی و بە کردەوە لە ئاستی پراتیکی بکەین مادیەتی کردەوە لە خۆ و هەروا تەشکیلاتی خۆمان . هەر ئەندامی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی

پاشماوە لە لاپەڕەی ٧

داسە خوێنی من لە دەستی کرێکار
چەکوچە خوێنی من لە دەستی جووتیار



## بەرێز بێت یادی فیدائیانی شەهید لە مانگی گەلاوێژ

زەینولعابدین رەشتچی
غولام رەزا بانەژاد
حوسێن ئەلاّیاری
محەمەد رەسول عەزیزیان
محەمەد سەفاری ئاشتیانی
عەباس جەمشیدی رودباری
داریوش شفاعیان
قودرەتولا شاهین سوخەن
عەبدولا سەعیدی بیدوختی
فەرزاد صیامی
عەبدولکەریم عەبدولا پوور
فەرامەرز شەریفی
فەروخ سپهری
مەهدی فەزیلەت کەلام
مەهدی یوسفی کەهەڵ
حەسەن گیل
ئیبراهیم جەلالی
وەنداد ئیمانی
گودەرز هەمەدانی
جەهانبەخش پایداری
جەمیل ئەکبەری ئازەر
جەمشید پوور قاسیمی
مورتەزا فاتیمی
ئەیوب مەلیکی
بیژەن مەجنون
هادی حوسێن زادە کرمانی
زەهرا فەرمان بوردار
عەبدوڵ عەزیم سورعەتی
ئەحمەد زیبەرەم
سەعید میر شکاری
هورموز گورجی بەیانی

مەسعوود جەعفەر پوور
فەریدون شافیعی
یوسف کەشی زادە
ئەبولقاسیم رەشوەند سەرداری
عەبدولرەحیم جەلالی
سەید قوربان حوسێنی
ئەبوبەکر حەمیدی
یەحیا رەجەبی
سەعید سالاری ساردویی
سەعید سولیمانی زادە
مەهدی سەمیعی
عەباس عەلی شەریفیان
مەهدی سدیق پوور
مینا زامنیان
جەواد کاشی
سەعیدە کریمان
یەدولا ئال کەنعان
یەعقوب مالئی
حوسێن محەمەدی
ئازەر نووش مەهدەویان
هالی هالی زادە
عەلی یاسری نەشتەمی
فەرید یەزدانیان
محەمەد یوسفی



# ابوالقاسم لاهوتی

## خیزید از جا !

خیزید از خواب، ای مردکاران
خلق زحمتکش، تودەی دهقانان
آی، تودەی دهقانان.
ای رنجبران، از پیر و جوان،
خیزید از جا
آی، خیزید از جا.
جمهوری خود را، در جمله جهان،
سازید بر پا !
آی، سازید بر پا !

کس از امیران در فکر ما نیست.
بر ما بجز ما، کس رهنما نیست.
آی، کس رهنما نیست.
ای رنجبران، از پیر و جوان،
خیزید از جا
آی، خیزید از جا.
جمهوری خود را، در جمله جهان،
سازید بر پا !
آی، سازید بر پا !

ما را امیران کردند غارت
ای رنجبرها، تاکی اسارت؟
آی، تاکی اسارت
ای رنجبران، از پیر و جوان،
خیزید از جا
آی، خیزید از جا.
جمهوری خود را، در جمله جهان،
سازید بر پا !
آی، سازید بر پا !

آزادی ما بر ضد دار است
نفع امیران، در ذلت ماست
آی، در ذلت ماست.
ای زنجبران، از پیر و جوان،
خیزید از جا
آی، خیزید از جا.
جمهوری خود را، در جمله جهان،
سازید بر پا !
آی، سازید بر پا !

ما از نژاد مردان کاریم
غیر از دو بازو چیزی نداریم.
آی، چیزی نداریم.
ای زنجبران، از پیر و جوان،
خیزید از جا
آی، خیزید از جا.
جمهوری خود را، در جمله جهان،
سازید بر پا !
آی، سازید بر پا !

ما این جهان را بر پا نمودیم
ما، باىها را، دارا نمودیم.
آی دارا نمودیم.
ای زنجبران، از پیر و جوان،
خیزید از جا
آی، خیزید از جا.
جمهوری خود را، در جمله جهان،
سازید بر پا !
آی، سازید بر پا !

خلاق عالم، سر پنجەی ماست
رزاق آدم، سرپنجەی ماست.
آی سر پنجەی ماست.
ای زنجبران، از پیر و جوان،
خیزید از جا
آی، خیزید از جا.
جمهوری خود را، در جمله جهان،
سازید بر پا !
آی، سازید بر پا !



پاشماوەی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە . . .

دەبێ هێلەکانی تیئوریکی تەشکیلات هەروا کە لە سیاسەت ، لە ئایدولۆژیش بکاتە بابەتی زۆر جیددی لە کار و چالاکی خۆی . هاوڕێانی ئێمە دەبێ خۆیان بە هەستێکی تەواو بە بەرپرسایەتی ، لە بابەتەکانی سیاسی ئایدولۆژیکی تەشکیلات بکۆڵێنەوە . ئەوان دەبێ خۆیان و حەتمی خۆیان لە سەر یەک بە یەکی بابەتەکان لە دژوارترین و ئالۆزترین و گرینگترین تاکو سادەترین بابەتەکانی سیاسی و ئایدولۆژیکی تەشکیلات ، بکۆڵنەوە . بەڵگەنامەکان و ئەزموونەکانی گشتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەڵدنەوە . هەر بەڵگەیێکی تازە و نوێ لە گەڵ ئەزموونەکانی پێش تر و وتە و ئاکامەکانی ڕابردوو هەڵسەنگێنن و یەکگرتنی تیئوری خۆیان لە گەڵ پروگرام و شێوازی ڕێکخراو ، پتەو و حەتمی بکەن . هاوڕێانی ئێمە دەبێ لە کاتی ڕوو بە ڕوو بوونەوە لە گەڵ بچووکترین گۆمان و ناکۆکی فیکری ، بۆچوونەکانی نەیاری خۆیان ڕوون و ئاشکرا ڕابگەیێنن و بۆچوونەکانی بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆیان بە هێزی تیئوریك ڕەخنە لێ بگرن . لینین ئەساسی یەك دەستی و بوونی ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە خەباتی ئایدولۆژیك دەزانێ و بە بەیان کردنی نامەی لاساڵ بە مارکس ، ئەساس و بناغەی بۆچوونەکانی خۆی ئاوا بەیان دەکات : (( خەباتی ناوخۆیی هێز و ژیان بە حیزب دەبەخشێ ، گەورەترین هۆی لاوازی حیزبی ، بڵاوە بوون و نادیار بوونی سنوورەکانی ئاشکرا و دیاری ئەوە . حیزب بە پاڵاوتنی خۆی پتەو و سەقامیگر دەبێ )) . بینینی سستیەکانی ئایدولۆژیك لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی ، تا ئەو کاتەی کە شێواز و پروگرامی پرولیتاریایی نەکرێتە مادیەت لە تەواوی تەشکیلات و لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و نێزیك لە گەڵ چینی کرێکار ، بە هیچ شێوەیێك بابەتێکی چاوەروان نەکراو نییە . تەنیا دەبێ بو گۆرانکاری و یەك دەستی ئایدولۆژیك بجووڵێنەوە و ئەم پرۆسەیە خێرا بکەین . دەبێ ئەو شتەی کە خۆی لەوانەیە ببێتە ڕێگرێك لە بەر ڕێگای ئەم گەشە کردنە ، لە سەر ڕێگا هەڵگرین . سستی ئایدلۆژیك دەبێ بە خەباتی سەر سەختانە و بەردەوامی

ئایدولۆژیك لە ناو برد . تەنیا بە پەرەپێدانی خەباتی ئایدولۆژیکی بێ وچان ، بەردەوام و هەمیشەئیەیە کە نە تەنیا تەشکیلاتی کۆمۆنیستی گەشە دەکات ، بەڵکو هێزەکانی نوێ و کادێرەکانی نوێیش پەروەردە دەبن . جیاوازی لە نێوان بۆچوونەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیك لە تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی هیچ کات نابێ شاراوە بمێنێتەوە یان سەر پۆشیان لە سەر دابنێن . بە پێچەوانە هاوڕێانی ئێمە دەبێ لە هەڵسوکەوتەکانی هاوڕێانەی خۆیان ، بچووکترین ناکۆکی بۆچوون بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕابگەیێنن ، تاکو بابەتەکان بە تەواوی ڕوون بکرێنەوە . خەباتی ئایدولۆژیك لە ناوخۆی تەشکیلات دروست ترین شێوەی ڕەخنە گرتنە ، و ئەگەر بە شێوەیێکی بەرپرسانە ، بە بەردەوامی و جیددی ئەنجام بدرێت تەشکیلات لە هەر چەشنە بۆچوونێکی بە لاری چووانەی ناپرولیتری دەپاڵێتەوە و زەمینەکانی گەشە کردن و پەرەسەندنی خۆش دەکات . لە حاڵێکدا بیری کۆرت و خۆ دوور کردن لە بابەتەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیك ، گەورەترین خەتەر و دوژمنی یەك دەستی و گەشە کردنی تەشکیلاتە . ئەو کەسانەی کە چاوەکانی خۆیان بە سەر گرفتەکان دەبستن ، کاریگەری زیان بەخشی خۆیان بە سەر تەشکیلات و هێزەکانی بە جێ دەهێڵن . نەك تەنیا شانەکانی سوور ، بەڵکو هەموو بەشەکانی تەشکیلات دەبێ کاری فێر کردنی ئوسوڵەکانی تیئوریك ، واتە سێ بەش و سێ سەرچاوەی مارکسیزم وەك کار و چالاکی و ئەرکی جیددی خۆیان بزانن . بەڵام نەك تەنیا لە هێلەکانی گشتی و تاك . هێڵەکانی تیئوریك دەبێ لە هەموو زەمینەکانی چالاکی بە کردەوە ، بە تایبەت لە پەیوەندی لە گەڵ خەباتی سوسیالیستی چینی کرێکار بە شێوەیێکی بەردەوام بە کار هێنا و تاقیان کەینەوە . دەبێ بە شێوەیێکی سیستەماتیك و بەردەوام خەباتی ئایدولۆژیك لە ناوخۆی تەشکیلات و لە کاریگەریەکانی تاکتیکی ئەو ڕێك بخەین . هاوڕێانی کۆمۆنیستی ئێمە چ لە شانەکانی سوور ، چ لە ناوچەکان و بەشەکانی جۆربەجۆری تەشکیلات ، دەبێ یەکگرتوو و یەك دەست کار بکەن . ڕاهێنانی ئامانج دار و بە بەرنامەی ئەم خەباتە ، ئورگانی ڕێبەرایەتی مەرکەزیی ڕێکخراو ، و بڵاوکراوەی کار و ڕادیوی

دەنگی فیدائیە . شانەکانی سوور دەبێ بە ڕەخنەگرتنی بەردەوامی بۆچوونەکان ، شێواز و پروگرامی ڕێکخراو نەك لە سەر ئەساسی تەنیا متمانە کردن ، بەڵکو بە شێوەیێکی ئەساسی لە دروستی ئوسوڵ و بناغەی تیئوری و فیکریەتی ئەو و لە هاوئاهەنگی لە گەڵ چالاکیەکانی بە کردەوەی خۆیان لە بەر چاو بگرن و بۆچوونەکانی خۆیان بۆ ئورگانەکانی ڕاهێنەری ڕێکخراو بنێرن . ئێمە ئەمڕوکە زۆرتر لە هەر شتێکیتر پێویستیمان بە یەکگرتنی ئایدولۆژیك و پتەو بوونی یەکگرتنی پروگرامی هەیە . یەکگرتنێك کە دەبێ بەردەوام بوونی کار و چالاکی و پتەو بوونی جووڵانەوەی داهاتووی ئێمە تەزمین بکات . هاوڕێانی ئێمە تەنیا ئەو کاتە دەبنە هێزی پایەدار و وەفاداری تەشکیلات و بەرەو پێش بەری ڕاستەقینەی شێوازی ڕێکخراو کە پروگرام و تاکتیکەکانی ڕێکخراو لە بناغەی ئوسولی ئایدولۆژیکی ئەو فێر بن . ئاکامی ڕەخنەگرتن لە بۆچوونەکانی خۆمان و ڕەخنەگرتن لە بۆچوونەکانی ڕێکخراو ، هێزێکی مەزن و پڕ لە توانا و بەرچاو دەخوڵقێنێ ، هێزێك کە نە یەکەم دایە و نە دووهەم ، بەڵکو هێزێکی مەزنە کە سەرکەوتنی پرولیتاریا دەکاتە کارێکی حەتمی و مسۆگەر . هاوڕێانی ئێمە لە هەڵسوکەوتەکانی ڕەخنەگرانەی خۆیان لە سەر بابەتەکانی سیاسی _ ئایدولۆژیك ، دەبێ بزانن کە تەنیا کاتێك دەتوانن دەسکەوتی تازە و نوێ بە دەس بێنن کە بزانن لە پرۆسەیێکی چالاکی ئایدولۆژیك چ بۆچوونێك لە دەس دەدەن و چ ڕوانگەیێکی نوێ بە دەس هێناون . لێرە دایە کە دەر دەکەوێ ئاکام وەرگرتنەکانی نوێ نەك لە ڕەوتێکی خۆبەخۆیی و گونجاو لە گەڵ جەوی حاکیم بە سەر تەشکیلات ، بەڵکو بە ڕەخنەگرتنی تێ گەیشتووانە و لە بەر پێویستی شۆڕشگێرانە بە ئەم یان ئەو بۆچوونی دروست و ئوسولی گەیشتوون . تەنیا و تەنیا بە تێ گەیشتنی قووڵ و بنەڕەتی بناغەکانی ئایدولۆژیکی پروگرامە کە شانەکانی سوور و هەموو هاوڕێانی کۆمۆنیستی ئێمە دەتوانن و دەبێ پەرە بە چالاکی خەباتگێرانەی خۆیان بدەن ، ناوەرۆکی چالاکیەکانی پێ ڕاگەیاندن و پەرە پێدان و تەشکیلاتی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا

پاشماوە لە لاپەرەی ١٠

## پاشماوەی کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و . . .

کردنی سەرمایە داری لە ئێران و گەیشتنی حەتمی ئەو بە کودیتای سەربازی ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ ئەم پرۆسەیە تاکو ڕووخانی یەکجاری چینی بورژوازی میللی لە ئێران وەك چینێك لە ڕەوتی ریفورمەکانی زەوی لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە لایەن بورژوازی گەورە ( کومپرادور ) و ناکۆکی لە نێوان بورژوازی کۆن و بورژوازی گەورەی کە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی لە سەر لە ناو بردنی فازانج و بەرژەوەندی گروپێکی گەورە لە توێژەکانی هەژار و مام ناوەندی کۆمەڵگا بە هوێ ریفورمەکانی زەوی دامەزراندە بوو و دەبوایە بورژوازی کۆن یان بازاریش کە دژی دەسەڵاتی بورژوازی میللی فازانجی هاوبەشیان هەبوو و لە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ لە گەڵ خۆی هاورێی کردە بوو بە تەواوی بکیشێتە ژێر ڕەکیفی خۆی بۆ دابەشکردنی کەرەستەکانی هاتوو کە ئەرکی هێنانیان بۆ بازاری ناوخۆ بە ئەستووی بورژوازی گەورە بوو .

هاوکات لە گەڵ گەیشتنی سەرمایەداری بە قۆناغی ئیمپریالیزم و سەیتەرەی سەرمایەی ماڵی ، زەمینەکانی گەشەکردنی شێوازی بەرهەم هێنانی بورژوایی لە ئێران ڕەخسا، ڕۆڵی ئیمپریالیزمی ڕوسیا لە باکوور و بریتانیا لە باشوور و هەروەها ناکۆکی و تێکهەڵچوونی ئەوان، بۆ زاڵ بوون بەسەر سەرچاوەکانی مەوادی خاو ، بازاری کاری هەرزان، لە فەواره و شێوازی گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری لە ئێران ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو . ڕێکەوتننامەکانی ١٨٦٢-١٨٦٥-١٨٧٢-سەبارەت بە هێلەکانی تەلەگراف ١٨٨٨، جادەی خێز، ڕێکەوتننامەکانی سەبارەت بە وەرگرتنی قەرز و ئیمتیازی توتون، ئیمتیازی شیلات ( ڕاوە ماسی ) دابین کردن ( بیمە ) ، گواستنەوەی دەریایی ، زەمینی ١٩٠٠ و ١٩٠٢ گرتنی قەرزەکانی جێ متمانە لە ڕووسیا، بەلجیکا، بریتانیا و دەیان ڕێککەوتننامەی ورد و گەورەیتر لەم دەورەیەدا ، بارودۆخ و ژێرخانەکانی بوژانەوەی سەرمایەداری لە ئێران و شێواز و مەبەستەکانی ئەوی دیاری کرد . گەشە کردنی کۆمەڵگا لە فیئودالیزم ( دەربەگایەتی ) بەرەو سەرمایەداری کە لەگەڵ بەربەرەکانی دواکەوتوویی ناوخۆیی وڵات ڕووبەڕوو بوو ، قۆناخەکانی زۆر دژواری تێپەڕ کرد لە گەڵ شۆرش و ڕاپەڕینەکانی یەك لە دوای یەك وەك شۆرشی مەشروتەخوازی کە نەیتوانی ڕێگای بوژانەوەی سەربەخۆی ئێران لە گۆرین بە وڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەیی بکاتەوە ، لەوی بە دواوە گەشە کردنی سەرمایەداری لە ئێران نەك بە دابین بوونی دیموکراسیەت و ئازادیە سیاسیەکان و شارستانیەت ، بەڵکو لە ڕێگای کۆبوونی دەسەڵات بە ئەنجام گەیشت .کودیتای ١٢٩٩کە بووە هۆی بە تەخت و تاج دانانی ڕەزاخان ، گەرانەوەی وڵات بەرەو دیکتاتوریەت و کۆبوونی دەسەلات و گەشەکردنی مودێر نیزاسیون لە کۆمەڵگا لەم چوارچێوەدا ، یەکلا کردەوە . لە ژێر کاریگەری شەری جیهانی دووهەم و دەورەیێك لە ئازادیە سیاسیەکانی دوای شەر ، ئیمکانی بوژانەوە و گەشەکردنی بورژوازی میللی لە ئێران پێك هات ، کە لە ڕووداوەکانی ئەم دەورەدا وەك بزووتنەوەی میللی کردنی نەوت ..ورەنگدانەوەی سیاسی هەبوو . بەڵام لەگەڵ کودێتای ٢٨ گەلاوێژی ( ١٣٣٢ ) کۆکردنەوەی پێشوی هێز دیسان و سەر لە نوێ هاتە کایەوە و ئەم جارە ئێران بە تەواوی کەوتە ژێر ڕەکیفی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە و بە هۆی موستەشارە نیزامی ، ئابووری و . . . ئەمریکایی بە ڕێوە دەچوو . لە سەر بنەمای گەشەکردنی بەرە بەرەی پەیوەندیەکانی بورژوایی لە ناوخۆیی سیستەمی نیوە دەربەگایەتی ئێران ، ریفورمەکانی زەوی و هەندێك ڕێفورمی دیکە بۆ ئاسوودەیی و ئاسان کردنی تەواو زاڵ بوونی سەرمایەداری لە دەیەی چل ، بە ئەنجام گەیشت . شکستی دەربەگایەتی و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە مەودای دەورەی سێهەمی شکانی گەشەکردنی سەرمایەداری بە ئەنجام گەیشت ، ئەم شۆرشە بە هۆی کۆمەلانی ژێر دەستە نەبوو کە سیستەمی ئاغا دەربەگایەتیی تێك شکاند و پەیوەندیەکانی سەرمایەداریی دامەزراند ، بەڵکو بە هۆی ئەو ڕێفورمانەی کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا دیاریی کردە بوو ، لە لایەن شا و حکومەتەکەی بەڕێوە دەچوو بە ئەنجام گەیشت . گەشە سەندنی سەرمایەداری لە ئێران نە بە هۆی بزوێنەری ناوخۆیی بەڵکو بۆ وەڵامدانەوە بە قەیرانی کۆ کردنەوە و زیاد کردنی سەرمایە لە گۆڕەپانی جیهانی بە ئەنجام گەیشت . هەر بۆیە نە تەنیا فێر کردن و ئاڵ و گۆڕی سیاسی بەرەو ئازادیە دیموکراتیەکان پێك نەهات ، بەڵکو لە لایەن ئابووریشەوە ، بە پاڵ دانەوە بە داهاتی نەوت ، کۆ بوونی پاوانخواری دەوڵەت وەك خۆی مایەوە . لە ڕەوتی ئەم ئاڵ و گۆرانەی بۆرژوایی گەورە ، دەربەگایەتی بورژوا بوو بە بورژوایی مام ناوەندی ، لە ژێر چەتری کۆمپانیا و بنیاتە ماڵی و پیشەییەگەورەکان لە شارەکان و زەوییەکانی میکانیزەی گەورە و پیشەسازی و کۆمپانیاکانی هاوبەشی کشت وکاڵی وهتد لادێکان یەکگرتوو بوون و جووتیاران لە ڕوو بە ڕوو بوونەوە لە گەڵ دامەزراندنی نوێ کە پێك دەهات ، بەرەو شارەکان دەهاتن و بەم شێویە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە لادیەکانی ئێرانیش دامەزران . پێکهاتەکانی پاوانخوازی بۆروکراتیك و دواکەوتوویی دەوڵەتی وەك بەڕێوبەری رێفورمەکان ، ئەم پرۆسەی لەگەڵ دەرد و ڕەنجی زۆر تێکەڵ کرد کە لە پێش دا بە ملیون جووتیار و هەژاری دوای پاڵاوتن لە لایەن رێفورمەکانی بورژوایی ، دوور خستنەویان بەرەو شارەکان پێش لەوەی کە مەجاڵ تێکەڵ بوون بە سیستەمی سەرمایەداری بە دەست بهێنن لە گەڵ ئاکامەکانی نالەباری رێفورمەکان بە سەر ژیانی خۆیان ڕوو بەڕوو بوون. دووهەم ئەوەی کە خەێرایی رێفورمەکان بە پاڵپشتی داهاتی نەوت ، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی کە هیچ چەشنە ئاڵ و گۆڕێکی بنیاتی لەوێ رووی نەدا بوو هەروەها لە چوارچێوەی بنەمای چەند پێکهاتی ئێران مابوو بە هۆی ئەوەی کە لە مەودای کۆرت وردە بورژوایی کۆن و وردە بورژوایی شار خۆیان لە تەنگەژەی لە دەس دانی بەشی خۆیان بینین، لەم نێوەدا کۆمەڵێکی گەورە لە جووتیاران کە بەسەرمایەداریەوە تێکەڵ بوون و لە کارگەکان و کارخانەکان خەریکی کرێکاری بوون ، هەر چەند کە لە بۆاری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پێوەندیان لەگەڵ ئامرازی بەرهەم هێنان ، گورانکاری پێك هاتبوو ، بەڵام لە بواری فیکریەوە بیر وباوەرە ئایدیئولۆژیەکان و دەروون ناسی کۆمەڵایەتی کۆن مانەوە و بە ووتەیێکیتر لاقێکیان لە شار و لاقێکی دێکەیان لە لادێ مابووەوە توێژەکانی فراوانی وردە بورژایی نوێ پێ بە پێی ریفورمەکانی ←

بورژوایی لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی نوێ ، تێکەڵ بوون و لەسەرەتاوە خوازیاری ئاکامەکانی باشی ئەو وەکو پێکهاتنی کاری نوێ ، پەرەگرتنی زانکۆکان و قوتابخانەکانی بالاَ ، زیاد بوونی داهاتەکان و هیتد... بوون . بەلاَم کاتێك کە پەرەسەندنی سەرمایەداری لایەنە خراپەکانی خۆی وە دەر خست، دابەزینی نرخی نەوت و تووند بوونی قەیرانی ئابووری ، ئەم توێژە فراوانە کۆمەلاَیەتیە بەرەو دژایەتی برد و لە کۆی ئەوانە هەل و مەرجی لە بار بۆ جووڵانەوەی گەورەی خەڵکی پێك هات و بووە هۆی ڕاپەرینی ١٣٥٧ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران .

تێکۆشانی سوسیال دیموکراتیك و کۆمۆنیستی لە ئێران لە سەرەتای شۆڕشی مەشروتە خۆازی دەستی پێ کرد و لە ڕەوتی خەبات بۆ پێك هێنانی گروپەکانی سوسیال دیموکرات ( کە لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ١٩٠٥ رووسیادا بوون ) لە گەڵ بەرنامەیێکی بۆرژوا– دیموکراتیك بەرەو روو بوو. لەگەڵ دەسکەوتە باشەکانی سوسیال دیموکراتەکان لە شۆڕشی مەشروتە خوازی و ڕاپەرینەکانی پاش ئەو بە هۆی پەرە نەستاندنی چینی کرێکار و شارەزا نەبوونی ئەم چینە لە تایبەتمەندیەکانی ئیمپریالیزم و هۆکارەکانی‌تر. لە بە ئەنجام گەیاندنی ڕەوڵی مێژوویی خۆی راوەستا و شکانی شۆڕشی مەشروتیەت و هاتنە گۆڕی نالە باریێك تا پێك هێنانی حیزبی عیدالەت و بە دوای ئەودا دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیست ، چالاکیەکانی کاریگەری سوسیال دیموکراتیك لە ئێران بەرەو لاوازی رۆیشت .حیزبی عیدالەت بەرهەمی پەرەسەندنی گروپەکانی سوسیال دیموکراتیك بوو ، و لە گەڵ پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی لە رووسیا و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەر ، حیزبی عیدالەت پەرەی ساند و بووە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرهەمی لێکدانەوە و تێکەلاَوی و پەرە ساندنی گروپەکانی سوسیال دیموکرات لە دوو باڵی سوسیال دیموکراسی و کۆمۆنیستی بوو ، بە واتایکی‌تر بلشویزم و منشویزم . لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئۆکتوبەر ، شەپۆڵەکانی نوێ ڕاپەرین وەکو پێکهاتنی دەوڵەتی ( شوورایی ) بەرەی گیلان ، دەستی پێ کرد . هەلۆیست بە نیسبەت رێککەوتنی رەزا خان – سەید زیا نەك بووەهۆی ناکۆکی لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ، بەلکو بووە هۆی ناکۆکی لە ناوحیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتیش کە ڕووداوەکانی ئێرانی لە ژێر چاودێری گرتبوو . لە پلونومی دووهەم کە هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی کومینترن ( ئەنترناسیونالی سێهەم ) و باسەکانی ناوخۆیی ئەو سەبارەت بە هەلۆێست نیسبەت بە جووڵانەوە رزگاری دەرەکان و ڕەوڵی بورژوازی میللی لە ئەوان پێك هاتبوو، تزە ناسراوەکانی حیدەرخان پەسند کرا و بەکردەوە حیزب بە دوو بۆچوون و بە بەرنامەی جیاواز دابەش بوو .

بۆرژوازی میللی پێ بە پێ وردە بورژوازی دەولەمەند و توێژەکانی جۆراوجۆری کۆمەلگای روشنبیری ئێران کە لە بزووتنەوەی دەورانی مەشروتە خوازی بەشداریان هەبوو لە مەترسی قووڵ بوونەوەی جووڵانەوەی خەڵکی و بە مەبەستی بەشدار بوون لە دەسەلاَتی سیاسی بە شوێن ڕەزا خان کەوتن ، لەم کاتەدا بەشێك لە رێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستیش کەوتنە داوی



فریوکاری ئیمپریالیزمی بریتانیا و بەکرێگیراوانی ئەوان . ئەوان ڕەزا خان وەکو کەسێکی دیموکرات و میللی چاو لێ دەکرد کە بە مەبەستی بە دەست هێنانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و بانگی کۆماری خوازی هاتووتە ناو گۆڕەپانی سیاسیەوە . باڵی ئۆپۆرتۆنیست ( هەل پەرست ) باوەری ئەوە بوو کە بە بوونی دەولەتی ڕەزا خان بە پشتگیری پرولیتاریا و حیزبی کۆمۆنیست . نەك تەنیا خەبات دژی ئیمپریالیزم بەرەو پێش دەچێت ، بەلکو تێپەرینی ئاشتی خۆازانە بەرەو سوسیالیزم بە ئەنجام دەگات . بیر و بۆچوونێك کە لە هەمان کات دا لەحیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت پێکهاتبوو . و لە کومینترن باسی لە سە ر کرا . کۆنگرەی دووهەمی حیزبی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٣٠٦ ( ١٩٤٧ ) بەسترا ، درێژە کیشانی باسەکان لە کومینترن کە لەوێ سەبارەت بە بزوتنەوەکانی بورژوا میللی هەلۆیستی رادیکالیان گرت، و لە لایێکی دیکەوە تاج دانانی ڕەزا خان و بوونی ئەو بە گەورەترین دەرەبەگی ئەو کات، پەرە گرتنی سەرکوت و ، . . . بووە هۆی سەقامگیر بوونی پێگەی کۆمۆنیستەکان لە کۆنگرە و سنوردانانیان بە نیسبەت بە لاری چوونەکانی ڕابردوو . حیزب لەم کاتە دا ، بە پێکهێنانی ڕێکخستنەکانی خەڵکی کرێکاران و ڕێکخستنی تاقمەکانی حێزبی لە ناوچەکانی کرێکاری ڕەولێکی زۆر گرینگ لە ئاڵ و گۆڕەکانی وڵات دەبینی . بەلاَم ڕەزا شا بە کۆکردنەوەی دەسەلاَتی سیاسی دەستی دایە سەرکوتی وەحشیانەی بزووتنەوەکانی کرێکاری و پێشکەوتن خواز وبە پەسەند کردنی یاسای رەشی ١٣١٠ ( ١٩٣١ ) دەستی دایە سەرکوتی حیزبی کۆمۆنیست و ڕێکخستنە کرێکاریەکان . چالاکی کۆمۆنیستەکان تاکو ساڵی ١٣٢٠ ( ١٩٤١ ) بە تەواوی قەدەغە کرا ، ئەم کارە هاوکات بوو لە گەڵ بە لاَری چوونی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت .

شەری دووهەمی جیهانی و هاتنی ولاَتانی هاوپەیمان بۆ ئێران ، سەرەرای کاریگەری خراپی ، کاریگەری دیکەیشی لە پێك هاتی ئابووری و کۆمەلاَیەتی ئێران هەبوو . گەشە کردنی پیشەکانی ناوخۆیی لەمەودای ئەم دەورەیە بووە هۆی پەرەسەندن و سەقامگیر بوونی بورژوازی میللی لە لایەکەوە و چینی کرێکار لە لایێکی دیکەوە . لەو کاتە ( ١٩٢٠ ) کە دەسەلاَتی ڕەزا خان سەقەت بوو ، بۆ ماوەی چەند ساڵ کەش و هەوایێکی کراوە لە باری سیاسی خولقا کە بووە هۆی پێکهاتنی ئەحزاب ، یەکیەتیەکانی کرێکاری و پەرە گرتنی خەباتی چینایەتی و میللی و هیتد . . . . ، لەبەر ئاوەها باروودخێك حیزبی توودەی ئێران دامەزرا . حیزبی توودە نەك بەرهەمی بزاڤی شۆرشگێرانە و پەرەسەندنی ڕێکخراوە مارکسیستیەکان ، بەلکو ئاکامێکی تایبەتی لە بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و هەروەها بەرهەمی کۆمەڵێك بوو لە کەسایەتی و ئەفرادی جۆر بە جۆر کە هەر کامیان خاوەن ئایدۆلۆژی ، تایبەتمەندی و ناوەرۆکی چینایەتی و ئامانجی خەباتی جیاواز لە یەکتر بوون .

پاشماوە لە لاپەڕەی ٣

# ووشەی سیاسی

## پاسیفیزم ( Pacifisme )

پاسیفیزم لە واژەی لاتینی بە واتای ئاشتی و ئارامی وەرگیراوە و بە مانای لایەنگری لە ئاشتی و ئارامیە . پاسیفیزم رەوتێکی لیبرالیە کە نوێنەرانی ئەو دژی هەر چەشنە شەڕێکن و بڕوایان بەوەیە کە بە پێ راگەیاندن و ئامۆژگاری کردن دەتوانن ئاشتی بە شێوەیکی گشتی دامەزرێنن . ئەگەر چی لەم کاتەدا لە گەڵ تووند بوونی خەتەری شەڕخوازی وڵاتانی ئیمپریالیستی ، پاسیفیستەکان بە شێوەیکی چالاکانە لە کردەوەکانی ئاشتی خوازانە بەشداری دەکەن و رەوڵێکی باشیان هەیە لە راگەیاندنی داخوازیەکانی خەڵك دژی پیلانەکانی شەڕ خوازانە ، بەڵام لە هەمان حاڵدا پاسیفیزم لە ئەساسدا ئامرازێکە بۆ پووچەڵ کردن و بە لاڕێ بردنی کۆمەڵانی خەڵك لە خەباتی چالاکانەیان دژی شەڕ و پیلانەکانی ئیمپریالیستی و لە رابردوو دا زۆر جار لەوی بۆ فریو و شاردنەوەی ریشە و هۆیەکانی شەڕ و تەداروکاتی سەربازی ئیمپریالیستی کەڵك وەرگیراوە . لایەنگری لە ئاشتی دەبێ چالاکی و خەباتگێرانە بێت . ریشە و هۆیەکانی شەڕ لە سیستەمی سەرمایەداری و ناوەرۆکی ئیمپریالیستی بدۆزێتەوە .

کۆمۆنیستەکان هەموو کات لایەنگری چالاکی ئاشتی بوون و دژی شەڕکانی نا عادلانەی چەوسێنەران و داگیرکەران شەڕیان کردووە و لە هەمان کاتدا لە شەڕەکانی شۆڕشگێڕانە خەڵکی ، شەڕەکانی دیفاعی و شەڕەکانی ڕزگاری بەخش دیفاعیان کردووە .

پاسیفیزم جیاوازی ئەساسی لە نێوان شەڕی عادڵانە و شەڕی نا عادلانە لە بەر چاو ناگرێت و ئامرازەکانی بێ سوود و نا چالاك وەك ئامۆژگاری کردن بۆ ئەم مەبەستە بە بەس دەزانێ . جیاوازی بزووتنەوەی بە هێزی لایەنگرانی ئاشتی بریتی لە هێزەکانی جۆر بە جۆر و لە سەروەی ئەوان کۆمۆنیستەکان لە گەڵ پاسیفیستەکان لە خەباتی چالاکانە دژی خەتەری شەڕ و دژی ئیمپریالیزمە کە خۆڵقێنەری ئەم خەتەرەیە . بۆ نموونە خەباتی ئەوان دژی شەڕی ڤیتنام بە مانای پشتیوانی تەواو لە خەڵکی ڤیتنام و شەڕی عادڵانەی ئەوان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تاکو سەرکەوتنی ئەم خەڵکە و بە مانای شەڕ دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بەکرێگیراوانی ناوچەیی ئەو بوو کە پیلانەکانی ئیستعمارگەرانە و داگیرکەرانەی ئەوان بووە هۆی سەرهەڵدان و درێژەی ئەم شەڕە لە ڤیتنام .

لەم دەورەیە کە ئێمە تێدا ژیان دەکەین و بە سەرهەڵدانی شەڕەکانی ناوچەیی ئیمپریالیستی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پاسیفیستەکانی سادیق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و زۆرتر لە پێش دا شان بە شانی لایەنگرانی چالاکی ئاشتی لە گەڵ کۆمۆنیستەکان کردەوەی هاوبەشیان هەیە و بە شێوەیکی یەکگرتوو کردەوەکانیان رێك دەخەن . پێویستی خەباتێکی یەکگرتوو دژی ئیمپریالیزم سەرنج ڕاکیشانی هەر چی زۆرتر و چالاکتری ئەم هێزە پێویست دەکات .

ئەمە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە تاکو لە هەل و مەرجێکی ناسك وەك هەل و مەرجی ئێستادا بە وردی شەڕ و ئاشتی بۆ خەڵك شی بکەنەوە و ئامانجەکانی هەر شەرێك بۆ ئەوان روون بکەنەوە . دەبێ خەڵك بزانن کە شەڕ خۆ بە خۆ درێژەی سیاسەتە بەڵام لە شێوازێکی دیکە . سیاسەتی دژی خەڵکی و چەوسێنەرانە بە شێوەیکی حەتمی شەڕی دژی خەڵکی و داگیرکەرانەی بە دواوەیە .

شەڕ دژی خەڵکی کوردستان بە تەواوەتی درێژەی سیاسەتی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی و لە خزمەت قازانج و بەرژەوەندی چەوسینەرانە و داگیرکەرانەی دەسەڵاتدارانی حاکیم بووە و نیشاندەری شەڕێکی ناعادلانەیە دژی خەڵکی کوردستان و دژی قازانج و بەرژەوەندی گشتی خەڵك . دیفاع و بەرگری خەڵکی کوردستانیش نیشاندەری شەڕێکی عادلانەی خەڵکیە کە دژی سەرکوت و داگیرکەری و شەڕی ناعادلانەی ستەم کاران دژی خەڵکی کوردستان لە ئارادایە .

شەڕە ناوچەئیەکانی ئەم دوائیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش لە نێوان ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە گەڵ رێژیمەکانی بەکرێگیراوی سەرمایەی جیهانی لەم ناوچەیە بە تەواوەتی لە خزمەتی قازانج و بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و چینی چەوسێنەری ئەم وڵاتانە دایە و دژی قازانج و بەرژەوەندی گشتی خەڵکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تەواوەتی شەڕێکی ناعادلانە و نا ڕەوایە دژی خەڵك کە بە ناوی شەڕی دیمۆکراسی و دژی تیروریزم لە لایەن ولاتانی ئیمپریالیستی و هاوکاری بێ دریغی رێژیمەکانی ڕاسپێردراوی حاکیم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئارادایە .

## پاشماوی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن بە . . .

دەوڵەمەندتر بکەن . ئێمە دەبێ تێ بکۆشین ڕێکخراوی سیاسی راستەقینەی چینی کرێکاری ئێران ، واتە حیزبی کۆمۆنیست دامەزرێنین . ئەمە ئەرکی سەرەکی ئێمەیە ! ئەم باسە بە ووتەیکی کۆرت لە لینین ڕێبەری مەزنی پرولیتاریای جیهان کۆتایی پێ دێنین .

(( پرولیتاریا تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانێ هێزی پۆڵائین و سەرکەوتوو بێت و حەتمی ئەو هێزە دەبێ کە یەکگرتنی ئایدولۆژیکی ئەو کە لە سەر بناغەی ئوسوڵەکانی مارکسیزم دامەزراوە و قایم بووە ، لە سەر هێزی یەکگرتنی مادی رێکخراو کە ملیونەها خەڵکی ستەم لێکراو لە ئەرتەشی چینی کرێکار رێك دەخات ، بە ئەنجام بگات .

(( بەشی شەشەم لە ژمارەی داهاتوو ))

گۆڤارەکانی (( کار کمونیستی )) ، (( جهان کمونیستی )) ، (( رێگای گەل )) و هەروا تازەترین ڕاگەیاندراوەکانی رێکخراو لە سایتی رێکخراو وەرگرن :

www.fedayi.org

ناونیشانی سایتی رێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571

بڕووخێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !